وەزارەتی داد کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکی تری لە پارێزگای کەرکوک راگەیاند

ئەمە یەکشەممە،لە ڕاگەیەندراوەکی وەزارەتی داد دا هاتووە:- "ڕاستی یوسف حەمید" بەڕێوەبەری گشتی لە بەشی جێبەجێکردن،سەردانەکی مەیدانی بە پارێزگای کەرکوک ئەنجامدا، بە زانینی ئەو کارانەی گیراونەتەبەر لە جێبەجێکردنی پرۆسەی دابەشبوونی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لە پارێزگاکە بە دوو بەڕێوەبەرایەتی.

لەو

لەوبارەیەوە حەمید رایگەیاند: باڕاخانەیەکی گونجاو دابینکراوە بە بەڕێوەبەرایەتییە نوێیەکە، هەروەها ئامرازی ئەلیکترۆنی مۆدێرن بە ڕایکردنی مەلەفەکان و ئەنجامدانی مامەڵەکان دەستەبەرکراوە. لە درێژەی قسەکانیدا ووتیشی : ئەم هەنگاوە لەسەر بنەمای ڕێنمایەکانی وەزیری داد دێت بە کەمکردنەوەی فشارەکان لەسەر فەرمانگە دادوەرییەکان، کە ڕێنگدانەوەی لە سەر ئاستی خزمەتگوزارییەکان هەبووە بە هاووڵاتیان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان و خێرایی لە تەواوکردنی مامەڵەکانیان.